## جوانیەکانی "لە چاوەڕوانی پیاوێکدا" ... ئارام سدیق






یەکێک لەو کتێبانەی بەمدواییانە بڵاوبویەوە کتێبی (لە چاوەڕوانی پیاوێکدا) ی ژوان ئاوارەی شاعیر بوو کە کۆی ئەو شیعرانەی لەخۆگۆتووە کە لە ماوەی (2002-2005) دا نوسیویەتی و بەسەر دوو هەناسەشدا دابەشی کردووە، هەناسەی یەکەم ئەو شیعرانەن کە لە شاری سلێمانی نوسویەتی و هەناسەی دووەمیش ئەو شیعرانەن کەلە فەرەنسا نوسویەتی.

ژوان ئاوارە یەکێک بوو لەو شاعیرانەی توانی بەچەند قەسیدەیەکی کەم بوو خۆی بسەلمێنێ ئەو توانی بە روانینی نوێ و دنیابینی شیعری نوێوە قسە لەسەر زۆرێک لە باس و مەسەلە حەرامەکان بکات ئەو بوێرانە باس لە عەشق و مەرگ و ژیان و هەموو بووەکانی تر دەکات ئەو دەڵێت: هەمیشە ژیان گۆرانیەک دەڵێ و مەرگیش گۆرانییەکی تر. ئەمە رستەیەکی چەندە سادەیە بەڵام هێندە قوڵە خوێنەر تووشی رامان و بیرکردنەوەی دەکات لەو دوو پێکهاتە دژەی بوون پێکدەهێنن. لە شوێنێکی تردا دەنووسێت: هەردەبوومردن و ژیان لە خۆمدا ئاشت بکەمەوە. ئەمەش دیسان ئەو بیرکردنەوە وجودیانە دەخاتەڕوو کە کە مرۆڤ دەبارەی هەردوو دژەکەی بوون هەیەتی و بە ناچاریش هەردووکیان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و هیچیان بە بێ ئەویتر نابێت و لەهەمان کاتیشدا دژن بە یەکتری

ئەوەی گرنگە لەم نووسینە کورتەدا لەسەر بووەستم ئەوەیە ژوان توانی لەم دەقگەلەی لەم کتێبەدا چاپی کردووە حورمەت بۆ شیعر بگێڕێتەوە و خوێنەری کورد بەو دەقانە ئاشنابکاتەوە کە چێژێک دەدەنە خوێنەر و جوانی و ئیستاتیکا بۆ شیعر بگێڕنەوە.

شایانی باسە ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی یەمێتی نیشتیمانی کوردستان زنجیرە (46) ە.